مۆلیدە ئۆهلییەکانی سلەمانی خشتەی کارپێکردنی ڕۆژانی جۆژن و دوای جۆژن ڕاگەیاند

سەرۆکی کۆمەڵەی مۆلیدە ئۆهلییەکان لە سلەمانی لە کۆنفرانسکی ڕۆژنامەوانیدا خشتەی کارپێکردنی مۆلیدەکانی بۆ ڕۆژانی جۆژن و دوای جۆژن ڕاگەیاند.

بۆگۆڕەی خشتەکەش ڕۆژی عەرەفە لە کاتژمێر 10ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی شەو کار بەمۆلیدەکان دەکرێت و یەکەم ڕۆژی جۆژنیش لە کاتژمێر 5ی بەیانییەوە تاوەکو کاتژمێر 1ی شەو هەرکاتێک کارەبای نیشتمانی نەبێت کار بە مۆلیدەکان دەکەن، ڕۆژانی دووەم و سێیەم ڕۆژی جۆژنیش لە کاتژمێر 10ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی شەو کار بەمۆلیدەکان دەکرێت.

لە بارەی خشتەی کارپێکردنی مۆلیدەکان بۆ ڕۆژانی دوای جۆژنیش، سەرۆکی کۆمەڵەی مۆلیدە ئۆهلییەکان گوتی، لە کاتژمێر 6:30 خولەکی بەیانی تاوەکو کاتژمێر 8:00 کار بەمۆلیدەکان دەکەن و لە کاتژمێر 4ی ئێوارەشەوە بۆ کاتژمێر 1ی شەو کار بە مۆلیدەکان دەکەن.

لە بارەی کرێی کارەبای مۆلیدە ئۆهلییەکانیشەوە، فازڵ حسێن، گوتی، لە 15ی مانگەوە پێشکی بڕی 7 هەزار دینار بۆ هەر ئەمپێرێک لە هاونیشتمانیان وەردەگیرێت و دواتر قایمقامیەتی سلەمانی بڕگەی کاتژمێرکانی کارکردن نرخی کۆتای دیاری دەکەن.